www.kurdistannet.org
7-7-2006 18:18بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆش و بلیر و بن لادن ئاینده‌ی بەشەریەت دیاری ناکەن ... دەشتی جەمال

### ووتەیەک لەیای کارەساتە خۆیناویکی 2005/7-7 ی لەندەن

d. jamal@ntlworld. com



سەرلەبەیانی 2005/7-7 شاری لەندەن بووە مەیدانی پەلاماریکی تیرۆریستانە و لە چەند جیگای جیاوازی قیتاری ژیر زەمینی و پاسی هاتووچووی ناو شار، بۆمبی تیرۆریستان دەستی تاوانی گەیاندە ژیانی ئاسایی خەلکی ئەم شارەو سەر ئەنجام 52 هاووڵاتی کوژران و700 هاووڵاتی بریندار بوون. ئەم کارەساتە لە کاتیکدا بوو ئەم ئینسانانە بە شوین کارو پیشەی رۆژانەی خۆیانەوەبوون. بەم شێوەیە ترس و دلەراوکی ژیانی میلۆنەها ئینسانی لەم شارەدا داگرت کە تا ئیستا زامەکانی ئەم کارەساتە تیرۆریستی یە ساریژ نەبۆتەوە.

ئەم چەند رۆژە لە یادی ئەم رووداوەدا میدیاکان کەوتوونەتە تەبلیغات بۆ ئەوەی بیرو بووچوونی دەسەلاتداران زاڵ بکەن لە میلیتاریزم و تیرۆریزم وراسیزم و نەتەوەپەرستی وفەناتیزمی دینی بەجۆریک تونی بلیر شەریکە تاوانی بۆش دووبارە کەوتوتە هاندانی موسلمانەکان بۆ روو بەرووبوونەوە بەرامبەر بەژیانی مەدەنی خەلک بەناوی دژایەتی تیرۆریزمەوە. بەلام روودانی ئەم کارەساتە خۆیناویە ئاکامی چی بووە؟ ئایە بەراستی بەقەولی ئەوەی بۆش وبلیر دەبیژن ئەم مشتو مرە لەسەر تیرۆریزم و کۆتای هینان بە کاری تیرۆریستییە، کە دنیایان پێ هەراسان کردوە؟ یان ئەوەی ئەوە میلیتاریزمی ئەمریکاو دەوڵەتانی رۆژئاوا و ئیسرائیل لە لایەک و ئیسلامی سیاسی لەلایەکی ترەوە، جیهانیان خستۆتە بەردەم تاریکترین و خۆیناوی ترین سەردەمەکانی میژووی هاوچەرخەوە. ئەوەتا هەرئەم دولایەنەی تیرۆریزمە کەلە عیراق و ئەفغانستان وفەلەستین رۆژانە تاوانی گەورە ئەنجام دەدەن..

لە عیراقدا جەنگ وتیرۆر و داگیرکاری و هەلۆشانەوەی شیرازەکانی مەدەنیەت، تەقسیم کردنی خەلکی عیراق بەسەر هەویەتی قەومی ورەگەزی وتیرەو تایەفەو شعبەی ئاینیدا، بەجۆریک کەئەگەر خۆت بەئینسان بزانی ونەبیتە سەر بە هیچ یەک لەم هەویەتە دروستکراوانە، ئەوا نەک هەر ریگەی دەنگ دانت پێ نادری بەلکو جیگەی ژیان کردنت بۆناهێڵنەوە و سەرت دەبرن. هەروەها سپاردنی ژیان و ماف و ئایندەی کۆمەڵگا وهەرئینسانیک بەدەسەلاتی چەندین دەستەو تاقمی ئیسلامی و قەومی وعەشیرەتی و میلیشیایی چەکداریان، کە ئامادەنین نەک هەر سەرەتاییترین ماف و ئازادی وحورمەتی ئینسانی بەرەوا ببینن، بەلکو خۆیان بونەتە فاکتۆری شەری ناوخۆو نائارام کردنی ژیانی کۆمەڵگا و رۆژانە تاوانی دڵتەزین ئەنجام دەدەن...

لە ئەفغانستان دوای رووخانی تالەبان دەسەلاتیان داوەتە دەست دەستەو تاقمیکی تری ئیسلامی کە خەریکی بەرێوەبردنی کارنامەی کۆنەپەرستانەی خۆیانن، لەسەرکوتی ژنان وبێحقووقی مندالان و دژایەتی کردنی ژیانی مەدەنێت وماف و ئازادیەکانەوە تا کردەو تیرۆریستی یەکانی تاقمەکەی تالەبان، رۆژ نی یە لاشەی دەیان خەلکی بێ تاونی ئەفغانستان لەخۆین هەڵنەکێشێ..

لەولاتریش لەفەلەستین هەر ئەمرۆ شاهیدی هەڵگیرساندنی شەرێکی خۆیناوین کە لەلایەن کاربەدەستانی بالی راست و فاشیستی ئیسرائیل بەرامبەر بە خەڵکی بێ تاونی فەلەستین ئەنجام دەدرێ. شەریک کە ئەم جارە هاتۆتە پیشەوە قووربانییەکانی کەمتر نابیت لەوانەی پیشووتر کە دەستی گەیشتە کوشتنی مندالان وژنان و داروخان و ویرانکردنی مال و قووتابخانەوە شۆینە گشتی یەکان و برینی ئاو کارەبا. ئەمە سەرەرای ئاوارەکردنی زیاتری خەڵکی بێ تاوانی فەلەستین...

لایەکی تری ئەم بەرەیە ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی یە کە لەعیراق تا ئەفغانستان و فەلەستین وئەمریکاو بریتانیاو مەدرید دەستیان نەپاراستووە لەقەتل عام وسەربرین وئینسان دزین و و کۆکوژی و خۆتەقاندنەوە لەشۆینە گشتییەکان و قووتابخانە و گارگەکان تا دەگاتە مزگەوتەکان وکەنیسەکانیش.. هەموو ئەمانە نیشان ئەدەن کەدەستەوتاقمی ئیسلامی لەهیچ تاوانێک سڵ ناکەنەوە تا ئەنجام ومەبەستی کارنامەی کۆنەپەرستانەیان ببەنەسەر..

ئەم کیشمەکیش و مشتومرە جەنگی یە هەمووی تیکرا لەپیناو پەرەپیدانی هەژموونی و دەسەلاتی سیاسی و سەربازی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانێتی بەسەر دنیا لەلایەک و شەری ئیسلامی سیاسی لەسەر دەسەلات لەلایەکی ترەوەیە، بە شێوەیەک کە ملیونەها ئینسانی لەسەرتاسەری دنیا هەراسان کردوە. ئەم کارەساتە تیرۆریستی وئینسان کوژیەی ئەمرۆی هیز ولایەنەکانی ئەم مسابەقە تیرۆریستەیەی ئالای توند رەویان هەڵگرتووە نامۆن بە ئینسانێت بەئازادی خوازی و یەکسانی خوازی بە ماف و حورمەتی ئینسان.. ئەم ئیدعاو

بیروبووچوونانەی کە کردوویانەتە چوارچێوەی ئایدولوژی وئیعلامی ئەم کیشمە کیشەیان ناتوانێت تاسەر بەردەوام بێت. بە قەولی "منسوری حیکمەت ": سەدەی بیست و یەکەم دەتوانێ سەدەی بەربەریتی کاپێتالیستی نەبێت ئەو رۆژانە رۆژانێکی چارەنووسازن....

کارەساتی 7-7 لەندەن جگە لەوەی ئەلقەیەکی تر بوو لە شەری تیرۆریستان بۆ سەر ژیان و حورمەت و ئاسایشی مەدەنی خەڵک و لە تەواوی جیهان نۆینەرایەتی ئەم رەوتەی دەکرد. ئەو رووداوە راستەخۆ لە درێژەی هەمان شەری نەبراوەی دوو قوتبی تیرۆریستی ئەمریکاو بریتانیاو دەولەتانی رۆژئاواو دەولەتی ئیسرائیل لەلایەک وئیسلامی سیاسی لە لایەکی ترەوەیە. شەریک کە تیرۆر و کاری تیرۆریستی کردۆتە کاری هەموو رۆژە و جێ کەوتوو ی ژیانی هاوچەرخ لە تەواوی گۆشەو کەناری دنیای ئەمرۆدا، بەلام پەرەگرتنی ئەم جەنگە لەگۆشەیەکی خۆیدا بەرهەمی شەرو داگیرکاری و جەنگ و کاولکارییە لەعیراق و ئەفغانستان و فەلەستین، بەرهەمی سیاسەتی دەست گرتن و یارمەتی دان ودەست ئاواڵەکردنی ئیسلام وئیسلامی سیاسی وهینانەوەیانە بۆ نیو کۆمەڵگای سکولاری ئەورپا.

بەلام دنیای تەنها ئەم رووەی نییە و ئەوەی ئەمرۆ میدیاکان لەیادی ئەم کارەساتە خۆیناویەدا هەرای لەسەر بەرێدەخەن ناتوانی رێگەچارەو حلی واقعی بێت لە بەرامبەر تیرۆریزمدا، بەڵکو رزگارکردنی یەکجارەکی کۆمەڵگای جیهانی لەدەست تیرۆرو تیرۆریستان و جەنگو میلیتاریزمیان وپێش برکیان کاری ئێمە خەلکی ئازادیخواز وموتەمەدنی دنیایە. ئەم سیناریوویە خەتەرناکە لەسەر لاشەی خەڵکی جیهان لەنیوان دووبەرەی تیرۆریست و کۆنەپەرستدا بەتووندی دەبێ کۆتای پێ بێ، داگیر کاری عیراق و ئەفغانستان و مەسەلەی فەلەستین دەبێ کۆتای پێ بێ، دەبی سیاسەتتیک کەلەسەربناغەی "فرە کەلچەری" و کەلچرالیزم دامەزراوە و بۆتە هۆی جیاکاری و بێ مافیەکی سیستەماتیکی بەسەر ژنان ومندالانی پەنابەرەوە دەبی هەڵوەشیتەوە ولەشوینیدا مافی هاولاتی بوونی یەکسان و ئازادی یەکان بەپیوانەیەکی جیهانی بە یەکسان بۆهەمووان لەکۆمەلگادا بەرەسمی بناسرێت، دەبی دەولەتانی رۆژئاوا ناچار بکرین دەست هەلبگرن لەپشتیوانی کردنی دەولەتانی کۆنەپەرستی ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی لە خۆرهەلاتی ناوەراست ولەرۆژئاوا.. بەرگری لە علمانێت لەو ولاتانەی بەئیسلام وئیسلامی سیاسی توش بوون وهەروەها بەرگری لەمافو ئازادی بزووتنەوەی یەکسانی خوازی ئەرکیکی دەست بەجییە.

ریز بەستنی بەرەی ئینسانی و ئازادی خوازی و یەکسانی خوازی کە لەشەری عیراق دا لە شەقامەکانی لەندەن بەملیۆن هاتە سەر شانۆ، ئەو هیزیە کە دەتوانێ دنیا بەپێشوازی ئارامی و ئاسایش و ئینسانیەت و خۆش گوزەرانی بەرێت و کۆتای بەم پێشبرکێ تیرۆریست یە بهێنێت، ریزی مقاومەتی مەدەنی ئێستا لەعیراقدا لەدەوری کۆنگرەی ئازادی عیراق کۆبووتەوە لەپێناو کۆتای هینان بەسیناریووی رەشی ئەمریکاو بریتانیا و گیرانەوەی ئەمنیت و نان و ئازادی ودامەزراندی دەسەلاتێکی سکولارو مەدەنی، سەرکەوتنی ئەم جەبهەیە و کۆمەک پێکردنی وگەورەکردنی و پشتیوانی لی ی دەتوانێ روخساری فیکری و جیهانی بۆ ئالووگۆرێکی گەورە پەرەپێ بدات.

2006-7-7